www.kurdistannet.org
29-1-2003 22:46

# عێراقییەکان شەرعییەت بەشەڕ دەدەن!

**مەهدی ئەبوبەکر**

فەرەنساو ئەڵمانیا لەیادی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ئیلیزێدا، جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، کەبەشداری شەڕی عیراق ناکەن، سەرەڕای ئەوەش داوایان لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد، بەبێ بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی نەچێتە شەڕێکەوە کەئەنجامەکەی دەبێتە مایەی کوێرەوەری بۆ گەلانی عیراق‌و ناوچەکە. ئەو ڕاگەیاندنەی پاریس‌و بەرلین کە خودی سەرۆکی فەرەنساو ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، بەگوێی ئەمریکایاندا دا ئەوپەڕی نیگەرانی لای واشنتۆن بەجێهێشت، بۆیە ڕامسفیلد لەوەڵامێکی جددی گاڵتە ئامێزدا وتی: ئەو دوو دەوڵەتە نمونەی ئەورووپای کۆنن، بۆیە پێیان وایە ئەورووپا تەنها لەوان پێکهاتووە، بەڵام بەپێچەوانەوە ژمارەیەك دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا ئەوڕۆ لەگەشەکردنی بەردەوامدان‌و ئەورووپای نوێ پێکدەهێنن.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نایەوێت جارێکی تر کێشەی عیراق بەرێتەوە ناو هۆڵە پڕ ژاوەژاوەکەی ئەنجومەنی ئاسایش‌و خۆی دووچاری گفتوگۆی تاقەتپڕوکێنی ناو ئەندامە هەمیشەیی‌و ناهەمیشەییەکان بکاتەوەو لەدواجاردا چاوەڕێی قسەی سەرۆکی دانیشتەکان بکات کەڕوو لەئەندامانی ئەنجومەن بکات‌و بڵێت: کێ لەگەڵ شەڕ هەڵگیرساندایە بادەست بەرزبکاتەوە؟ بەدڵنیاییەوە لەو پرۆسەی دەنگدانەدا ئەمریکا دەیدۆڕێنێت‌و ناتوانێت بڕیاری نێودەوڵەتی نوێ بەدەست بهێنێت.

لێرەدا دەپرسین ئەدی وڵاتە یەکگرتووەکان لەشەڕێکی ئاوا دژواردا پەنا بۆ چ ڕێگایەك دەبات؟ لەمێژە سەرۆك بوش ڕایگەیاندووە ئێمە لەشەڕی عیراق سەرکردایەتی هاوپەیمانێتییەك لەو دەوڵەتانە دەکەین کەبەئارەزووی خۆیان بەشداریمان دەکەن. کۆلن پاولی وەزیری دەرەوەی ئەمریکاش لەکۆبوونەوەی یانەی ئابووری جیهانی لەداڤوس وتی: لانی کەم (١٢) دەوڵەت هاوبەشی‌و هاوپەیمانمان دەبن لەو جەنگەدا. گرنگترین کارتی دەستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەو ململانێیەی کەماوەی (١٣) ساڵە تێیدا دەژی گەلی عیراقە، چونکە هاوڵاتیانی عیراق لەم بارودۆخە ناسك‌و هەستیارەی ئێستادا، ئەمریکا بەدۆست‌و هاوپەیمان دەزانن، چونکە بێزاری‌و نارەزایی دانیشتوانی عیراق گەیشتۆتە ئاستێك کەبەناچاری یەکێك لەدانیشتوانی بەغدا هانای بردەبەر تیمەکانی پشکنین‌و داوای لێکردن کە ڕزگاری بکەن، هەر چەند ئەو هاووڵاتییە زۆر باش دەیزانی کە کاری ئەو تیمانە ڕزگارکردنی خەڵك‌و بەخشینی پەنابەری نییە بەو کەسانەی هانایان بۆ دەبەن، بەڵام بەو کارەی نامەیەکی زۆر گرنگ‌و کاریگەری ئاراستەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد، ئەو لاوەی هانای بۆ ئۆتۆمبیلی پشکنەرەکان بردو وێنەکەی لەشاشەی تەلەفزیۆنیەکانی دنیاوە پیشاندرا تەنها وێنەی تاکە کەسێك نییە کە هەوای چوونە ئەورووپا لەمێشکیدا بێت‌و بیەوێت سەفەری دەرەوە بکات، بەڵکو ئەو کارەی ئەو هاووڵاتیە عیراقیە وێنەیەکی بچوککراوەی عیراقییەکانە کە ئەگەر لەترسی دەسەڵاتدارانی بەغدا نەبوایە ئەوا بەلێشاو خۆیان بەبارەگاکانی UNدا دەکردو داوای مافی پەنابەرێتیان دەکرد، بۆیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەجیاتی پەنابردنە بەر وەرگرتنی ڕەزامەندی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەتوانێت شەرعیەتی هەڵگیرسانی شەڕ لەگەلی عیراق وەربگرێت، سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیش لەجیاتی ئەوەی داوا لەئەندامانی خۆی بکات کەدەست بەرزبکەنەوە، بارِوو لەعیراقییەکان بکات‌و بڵێت: کێ لەگەڵ شەڕو لابردنی سەرۆکدایە؟ ئەو کاتە لەجیاتی (٢٣) ملیۆن دەست (٤٦) ملیۆن دەست بەئاسمانەوە دەبینێت، چونکە هەر عیراقییەك لەجیاتی دەستێکی هەردوو دەستی بەرز دەکاتەوە.

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣